
# نزیکتر لێرە

ڕێبین ئەحمەد خدر

ئێمە

**ئەوە هەموو ژیانی ئێمە بوو:**
**لە نێو گۆڕستانێکی بچکۆلەدا یەکدیمان ماچ کرد،**
**لە نێو ئاهەنگێکی گەورەشدا مردین.**



ئاوێنەی دارستان

**ئاو لە نێو دڵی درەخت**
**چیرۆکێک دەنووسێ:**
**بە نێو دارەکاندا رایان دەکرد**
**قا قا... پێ دەکەنین**
**بەردەبووەنەوە و**
**عەشق هەڵی دەگرتنەوە،**
**بە نێو مندا پەڕینەوە**
**کچە شێوە فریشتەکە خلیسکا**
**لە مندا خنکا،**

ئێستا کوڕەکە بووە بە پشکۆیەک لە دەوری رووبارەکە
عەشق هەروا جۆشی دەدا و گڕ دەگرێ
دەمێکی تر ئەو درەختەش
دەسووتێ،
هەموو دارستانەکەش

## هێڵە شینەکان

یاداشتی
پەپوولەیەک دەخوێنمەوە،
لە ماوەی تەمەنیدا
باخچەیەکی نەدیوە.

## راوچی



لە دیمەنێکی زۆر هەستیارانەدا،
راوچییەکە هیچ بوارێکی
بۆ ئەوە نەماوە
نێچیری دواوەی خۆی بپێکێ،
تفەنگەکەی
خستە سەر دڵی خۆی و
نێچیرەکەی پێکا.

## دەستە بچکۆلەکان

تەپۆلکەیەک دەکەوێتە بەردەم قوتابخانەکە
وەک ئەوەی سەوزایی بەئاستەم
سەری بەرز کردبێتەوە،
ئێرە شوێنی راوکردنی پەپوولە
باڵ گەورەکانە
سەردەمێکیش سەکۆی شانۆی شانۆی "هاملێت"،

دڵم بووەتە باگوردانی ترس گێڕان
دەڕوانمە جووڵەی پاسەکان
ئۆوە... بیرم چوو
ڕۆژێک هەر لێرەدا
لەسەر ئەم تەپۆڵکەیە
"گۆدۆ"م بینی لە چاوەڕوانی هاتنی کەسێکدا
شێت بوو بوو.

بەشێک لە وێنەکان
چرایەک تاریکی جێ دەهێڵێ و
لە نێو رووناکی خۆیدا پشوو دەدا..
ئۆتۆمبێلێکی کۆن خەون بە شەقامێکی نوێوە دەبینێ و
بیری شوفێرە کۆنەکەی خۆیشی دەکا..
باڵندەیەکی باڵ شین لەسەر لقی دارهەنجیرێ نیشتووە و
لاسایی دەنگی بولبول دەکاتەوە..
کیژۆڵەیەکی خەمپۆش بۆ ملوانکە ونبووەکەی
زێرابەکان دەپشکنێ..
دایکێکی دڵ مرواری لەسەر تەختەی
قەساب نوێژی دابەستووە..
لەسەر دیواری گۆڕستانێک نووسراوە:
"ژیان لەگەڵ تۆ زۆر خۆشە"..
ئەوەی لە هەموو وێنەکان سەمەرە و خەیاڵیترە
ئەوەیە:
وێنەگرێک کامێراکەی خستووەتە سەر ستاند و
وێنەی خۆی دەگرێ.

نزیکتر لێرە
نزیکتر، نزیکتر لێرە

دەنگی گریانێ دێ..
لە خۆمەوە وا هەست دەکەم دەنگی کچێک بێ
کە نزیک دەبمەوە دەزانم: گریانی گوڵدانێکە،
ئاخر دەترسێ. گوڵەکانی بەرەو باخچە بڕۆنەوە.

سێوێک
سێوێکی سووری لا رزیو
لە ناو ناخی زبڵدانێکدا:
"زبڵدان بیری لە هەمووومان فراوانترە و
بەردەوامیش لە گۆڕاندایە".

قەفەس
بە منداڵی
لە قەفەسی باخێکدا ون بووین،
بیرتە ئەو باخەوانەی
بۆ نانی ئێوارە
پەپوولە مردووەکانی کۆ دەکردنەوە؟
بە منداڵی
نە کۆلارەی من هەڵفڕی و
نە بووکەشووشەکەی تۆش
فێری قسەکردن بوو.



بیست و دوو
ئەوەندە دەست و پێ سپیم
دەترسم
مردن بێ و
نەزانم بمرم.